# ژێرزەمین

# پڕۆژەی هونەریی ژێرزەمین

ڕێکخەر: نیگا سەلام

بەڕێوبەر: هەڵگورد بارام

ئیدیتەر و ڕاوێژکار: ڕێزان بەتولە

دیزاین و وەرگێڕان: بژوێن جەمال

نوسەری فیکری : هۆزان مەحمود

۲۳ بۆ ۳۰ی جوون

جگە لە ڕۆژانی هەینی و شەمە

مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنەسورەکە

2021

# پێڕست


4 ڕێزان بەتولە - منی یوتۆپیا

6 ڕەیان یوسف - "ئێمە بە ژنی لە دایکنابین، بەڵکوو دەکرێینە ژن"

8 لەرین ئارام - جەستەی شێواو

10 گەش کەمال - دەروونی ژن

12 گەش کەمال - ئەمە من نیم

14 لاڤان ئیبراهیم - V69

16 نیگا سەلام - من

17 نیگا سەلام - دە –

18 چنار عەلی - چێژ

19 کیژان خەسرەو - دیفیگەرەیشن


20 هانا برزو - بێ ناونیشان

22 هۆزان مەحمود - سەرهەڵدانی هونەری فێمینیستی لە کوردستان

27 سەرچاوەکان

نەخشەی کارە هونەرییەکان لە شوێنی نیمایشیاندا

Map of the artworks in the presented space





ڕێزان بەتولە
ناوی کار: منی یوتۆپیا
ساڵی بەرهەمهێنان: 2021
مەتریاڵی بەکارهاتوو : زنجیرە کاری نقومبوو لە جەستەدا بە چاپکراوی لەسەر شوشە، ماتۆڕی دوازدە ڤۆڵت، ،تایمەری دوازدە ڤۆڵت
شەشپاڵویەك لە تەختە و ئاسن، پاتری چارخە، زنجیر سویچ
پێوانەی کار : 79 بە 50 سم
جۆری کار: ئەنستڵەیشنی جوڵاو - پێرفۆرمانس

گرێدانی وێنەی هەمان یەک جەستە و چەند پارچە ئامێرێکی کارەبایی بۆ دروستکردنی جەستەیەکی یۆتۆپیا (جەستەیەک بە کات و شوێنی جیاوازدا توانای گەشتی هەبێت ئەویش بە تێگەیشتنە فۆکۆییەکە)، جەستەیەکی ڕۆبۆتی کە سنوردارە لە چەند وێنەیەکی خۆی، هەڵگری چەند چرکەساتی جیاواز و ناسنامەی جیاوازی خۆیەتی، ئەویش لە چوارچێوەی ئەنستڵەیشنێکی جوڵاو جەستە یۆتۆپیاکە پێرفۆرمانسێک بە ئەنجام دەگەیەنێت کە تێیدا کۆتایی بە چرکەسات و قۆناغە سنوردارەکانی خۆی دەهێنێت لەڕێگەی گۆڕینی فۆڕمی وێنەکانیەوە، قۆناغەکانی لە ڕێگەی جەستە یۆتۆپیا ڕۆبۆتیەکەوە دەشکێن ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها پاشماوە شکاوەکەیە لەگەڵ ئامێرە لەکارکەوتووەکە، شوشە شکاوەکان پاشماوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بەسەر تاکە گۆڕاوەکەدا هاتووە کە چیرۆکی هەمەجۆرەی خۆیان دەگێڕنەوە و چرکە ساتەکانی گۆڕانکارییەکانی لەڕێگەی شکاندنەکەوە دەگۆڕێت هەتاوەکو بچێتە نێو قاوغێکی ترەوە .



Rezan Batula
Title: Utopian Me
Production year: 2021
Used Materials: A part of 'Overwhelmed body' printed on glass, motors, timers, a hexagon made of metal and wood, batteries and chains.
Dimensions: 50 x 79 cm
Art Medium: Installation – Performance

Highlighting images of one body and an electrical mechanism to create a utopian body – the Michel Foucault perspective; a body with the ability to traverse different time and space. A robotic body that is limited to a few images of itself, holding a few different instances and identities, these in a frame of a moving installation, the utopian body completes a performance in which it will put an end to its limited stages by changing the forms of its images. The forms shatter through the robotic utopian body, what remains is the leftover broken pieces and a dysfunctional mechanism. The broken pieces are the leftovers of the changes that the individual parts go through after they recite their own unique story, the instance of the changes are displayed by the glass breaking to proceed to the next stage.



Linking women and weighing them down with traditional social constructions backed by historical, religious, social and political context for its individuals in society, in a way that those individuals can’t exist as a part of society out of these dogmatic ideas. From the other’s authoritarian perspective, women or other individual parts in society are crooked and invalid entities of society who need a constant mentoring and reshape based on the traditional social principals that are embedded in society, in many forms and ways.

گرێدانی ژن و قەتیس دانی تاک بە گشتی لە نێو کۆمەڵێک وێنای هەمەجۆر کە کۆمەڵگای ترادیشنەڵ، پشت بەست بە کۆنتێکستی مێژووی و ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، دروستی دەکات بۆ هەر یەک لە تاکەکانی بەجۆرێک کە تاک لە دەرەوەی ئەو وێنە و دۆگمانە نەبێت خۆی نابینێتەوە وەک بەشێک لە کۆمەڵگا. لە چاوی ئەوی تری هەژموونداەرەوە ژن یان بەشێک لە تاکەکانی نێو کۆمەڵگە تێگەیەکی خوار و خێچ و نادروستن کە پێویستی بەردەوامیان هەیە بە ڕێنوێنی کردن و دارشتنەوە بە پێی پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکانی کە کۆمەڵگا تradیشنڵەکان خۆیان پێ بارگاوی کردووە بە شێوەی جیاواز و جۆراوجۆر.



Rayan Yousif
“One is not born, but rather becomes, a woman”
-Simone de Bouvier

Year
Material: Anvil, Hammer and Bones
Height: 60cm Width: 30cm Length: 80cm
Installation

ڕەیان یوسف
ناوی کار: ”ئێمە بە ژنی لە دایک نابین، دەکرێیینە ژن“
-سیمۆن دی بوڤوار

ساڵی بەرهەمهێنان: 2021
مەتریاڵی بەکارهاتوو : سندان، چەکوژ، ئێسك
پێوانەی کار : بەرزی 60 بە 30 بە 80 سم
جۆری کار: ئەنستڵەیشن

تەوژمی نەشتەرگەری جوانکاری وەک باوێکی مۆدێرنیتە، لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی کە لە گەشەسەندن و کرانەوەدان بەرەو جیهانی دەرەوە و تەکنەلۆجیا دەستی بە بەرفراوانی کردووە، بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان. بینین و تێگەیشتنی من وەک تاکێکی نێو کۆمەڵگەیەکی داخراو، کە پێناسەی تاک لە ڕێگەی گروپ و خێزان و ئەوانی ترەوە دەکرێت، منێک وەک بەشێک لە کۆمەڵگایەک کە لەنێو قەیرانی ناسنامە و پرسی خۆ دروستکردن و خۆ پێناسەکردنەوەدایە بە تایبەت بۆ ژن کە دووجار لە هەوڵی پرسی خۆ بەیەکسانی کردن دایە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها کرانەوە بەڕووی دونیای دەرەوەدا، دەشێت هاوکار بووبێت بۆ ئەزموون کردنی ئەم خۆ سەپاندنە وەک تاک، هەوڵێک بووبێت بۆ دروستکردنی خۆم، وەک ئەوەی میشێل مارازانۆ لە فەرهەنگی جەستە دا دەڵێت : (تەنها لە ڕێگەی هێڵەکانی دەم و چاو، هەر مرۆڤێک ناو دەنرێت، دەناسرێتەوە، خۆشدەویسترێت، بە گومان دەبین لێی، تاکایەتی لە نێو هێڵەکانی دەموچاوی خۆی دەبینێتەوە).

The wave of cosmetic surgery has increased rapidly as the new common trend of modernity in the developing communities that are opening up to the western world and exposed to newer technologies, especially in Kurdistan Region. As an individual coming from a strict society, in which the definition of self comes from social groups, families and other individuals. ‘Me’ as a part of a society that is going through a crisis of identity, self-reconstruction and self-redefining – and especially to be a woman, which means twice the struggle of balancing oneself with the other sex, especially in the Kurdish society. Globalizing could be a direct reason for this act of dominance as an individual, an attempt at constructing myself. As Michele Marzano: “it is through the line features that a human is named, recognized, loved and suspected, individualism is found in the lines of the face.



Larin Aram
Title: Distorted Body
Year: 2018
Material Foam, Stickers and medical bandages
Dimensions 60 x 120 cm
Collage on printed photos

لەرین ئارام
ناوی کار: جەستەی شێواو
ساڵی بەرهەمهێنان: 2018
مەتریاڵی بەکارهاتوو : پەناڵی فۆم، لەزگە و لەفافی پزیشکی
پێوانەی کار: 60 بە 120 سم
جۆری کار: کۆلاج لەسەر وێنەی چاپکراو


زمانی جەستەم؛ لە نێوان کولتور و زانستدا گەمە بە من و ئەوی دی دەکەن، جەستە وەک زمانێک و نێوەندێکی پەیوەندیکردن و شوێنێک بۆ خۆ دەربڕین نیشانە و ئامڕازە کولتوری و زانستییەکانی تێدا دەردەکەوێت بەڵام هێماکانی خۆدەربڕین وخوو ڕەوشتەکانی جەستە دەگۆڕێت بە پێی ئەو ژینگەیەی جەستەکەی تێدا نقوم بووە، بەشێوەیەک دەستبردن بۆ هەر ئەندامێک و بەشێکی جەستەم خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت و مافی دەست تێوەردان لە لەشم دەبێتە مافی ئەوی دی چونکە ئەوە ئەوەی ترە کە بڕیار لە خوێندنەوە و ناسینەوەی من دەدات وەک ئەوەی هەم، ئەگەر بە تێگەیشتنەکەی ستوارت هۆڵ بێت کە دەڵێت؛ (جەستە تێکستێکە و هیچی تر، وە ئێمە هەموومان خۆێنەری هەمیشەیین. دێن و دەچین و تەماشای ئەو جەستانە دەکەین، ئەو تێکستانە، وەک ئەوەی ڕەخنەگرێکی وێژەیی دەیکات). هێما و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە خۆی تۆمار دەکات لەسەر جەستە کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی کولتوری مێژووی بۆ جەستەکە تۆمار دەکەن.

The language of my body; between culture and science, me and others are tossed around. Body, as a language, a medium and a place of self-expression and a display for the scientific and cultural symbols to appear in. But, the symbols of self-expression change based on the environment that surrounds the body. As far as reaching out for any part of my body has other readings, and the right of indulgening in becomes a right of the other individual(s), because it is them who decide on my identity and how they read me. As Stuart Hall remarks: “body is a text and nothing more. We are eternal readers. We come and go and look at those bodies, texts, just like how a theoretical critic does” society and its sign attributes, carves themselves on a body which will record a specific social, cultural and historical identity.




Gash Kamal
Title: Psyche of woman
Year: 2018 - 2019
Material: hair, scissors, Bobby pins, flower
Video Performance

گەش کەمال
ناوی کار: دەروونی ژن
ساڵی بەرهەمهێنان: 2018 - 2019
مەتریاڵی بەکارهاتوو : قژ، مەقەست، تەوقە، گوڵ
جۆری کار: ڤیدیۆ پێرفۆرمانس



جەستە وەک بەیاننامەیەکی تاک بۆ بەرەنگاربوونەوە، بە واتایەک جەستە چۆن پەیامێک دەداتە بینەر بە پێی ئەو هاوکێشەیەی ئەنترۆپۆلۆگی فەرەنسی داڤید لو برێتۆن تاوتوێی دەکات و دەڵێت؛ (جەستە پێناسە دەکرێت لە لایەن ئەوی ترەوە)، بەڵام لێرەدا وێنەی جەستە دەبێتە ئایکۆنێک و هێزێکی میدیایی وەردەگرێت و مامەڵەی دەکات. لە دوای فێمینیستەکانی ساڵانی شەستەکانی ڕۆژئاوا، وێنەی ڕووتی جەستەی ژن وەک پێناسەی بەرەنگاریکردنەوەی کۆمەڵگا و سیستەمە سیاسیەکانی لێ هات. وێنەی نیمچە ڕووتی جەستەی ژن پێناسەیەکە بۆ نا ئەگەر نوسینی لەسەر بێت یان نا، بە تایبەت لێرەدا ڕووکردنە لەو فەزا گشتییەی کە ژنی تێدا دەژی و بە کاڵا دەکرێت.

Body as singular statement of defiance. Meaning how could a body convey a message to the viewer depending on that anthropological equation that David le Breton argues about and says: “body is defined by them”. But here, body becomes an icon and obtains a media influence to bargain it. After the western feminism movements of the sixties, the naked body of a women became an icon to rebel against society and its political systems. The symbolism of a half naked woman is a direct definition of “No” whether there be a text or not, especially here, it is facing the public space that women are living in and being objectified in.



Gash Kamal
Title: This is not me
Year: 2018
Material: Paint
Dimensions: 95 x 152 cm
Photo Installation

گەش کەمال
ناوی کار: ئەمە من نیم
ساڵی بەرهەمهێنان: 2018
مەتریاڵی بەکارهاتوو: بۆیە
پێوانەی کار: 95 بە 152 سم
جۆری کار: فۆتۆئینستالەیشن

چۆن منێکی بکەری ژن، لە ڕێگەی کەرەستەیەکی جەنگییەوە دەتوانێت مامەڵەیەکی هێز بکات؟ ببێتە هێمایەک بۆ بەرەنگاریکردن و ژنی ئەمڕۆ نیشان بە پاشماوە و بیرەوەری ژنی سی ساڵی ڕابووردوو بدات کە لە هەمان شوێندا جێگەی ئەشکەنجە و دەستدرێژی کردن بووە لەسەریان وە ئەمڕۆ هەمان شوێن، وەک مۆزەخانەیەک، ژنێک تێیدا لە ڕێگەی (مین)ێکەوە دەبێتە هێمای هێز و دەسەڵات وە مامەڵەیەکی شەمەنیزم و گەشتێکی کات بە بینەر دەکات. مین و مێ وەک دوو کەرەستەی نادیاری جەنگ، یەکێکیان بە چالاکی و ئەوی دی بە پوچەڵکراوی لە دوای جەنگ بەجێ دەمێنێت.



How can a subject female ‘I’ use a warfare tool to make a power play move? To make a symbol of defiance and show women of today and show them the leftover stories and memories of women thirty years ago who were dominated in a place of rape and violence, and today’s same place as a museum, a woman becomes a symbol of power and authority through a landmine and shamanism bargain takes the audience on a trip through time. Landmines and females at war, alike in a position of invisibility, tools of warfare, left out, one active but the other is dysfunctional after the war.



Lavan Ibrahim
Title: V 69
Year: 2017
Material: Landmine
Dimensions:  11 x 11 x 21
Installation

لاڤان ئیبراهیم
ناوی کار: ڤی69
ساڵی بەرهەمهێنان:2017
مەتریاڵی بەکارهاتوو : مین - (ئەڵغام)
پێوانەی کار :   11 بە 11 بە 21 سم
جۆری کار :  ئەنستڵەیشن



کورت کردنەوەی من لە قژمدا لای ئەویتر، قژ وەک ناسنامە و ڕووی منی ژن. قژ وەک هەبوویەک کە بڕین و درێژکردنەوەی هیچ لە بوونی منی جەستە ناگۆڕێت وە دەبێتە پێناسە و بوونی من وەک ژن، بەو واتایەی بوونی من گرێدەدرێت بە هەموو ئەو هەبووانەی کە جەستەی من دروستی دەکات یاخود پێی دەبەخشرێت لەلای ئەوی ترەوە. بەجۆرێک قژی من بڕیار لەسەر ژن بوون و ژن نەبوونی من دەدات. لە قاڵبدانی ژن بوونی من لە شەشپاڵوویەکدا خۆ داماڵینە لەو تێگەیشتنەی کە قژم دەکاتە ناسنامەم، لە هەمان کاتدا خۆدروستکردنەوە و خۆدارشتنەوەی بوونی منی جەستەی بکەرە بە هەمان ئەو تێگەیشتنەی فەیلەسوفی فەرەنسی مۆریس مێرلۆ پۆنتی هەیەتی بۆ جەستە ؛ (من، کەواتە جەستەم)، جەستە ئۆبژەیەک نیە بدرێتە (من)).

Reducing me to my hair by society, my hair as my identity and face. Hair as a physical attribute that cutting or growing won't effect the behavior of my body but becomes the definition of me as a woman, in such way that I am attached to all that my body produces or is enforced on me by society, which means, that my hair is a decider of me being or not being a woman. Molding my existence as a woman in a cube to strip away the understanding that my hair equals my identity, whilst at the same time, it is reconstructing and redefining my existence as a subjective body in the same way that the French philosopher Maurice Merleau-Ponty remarks about the body: "I am embodied, then body cant be an assigned object to Me"

Niga
Title: ME
Year: 2019
Material: Hair and Glue
Dimensions: 3 x 3 x 5 cm

نیگا سەلام
ناوی کار: من
ساڵی بەرهەمهێنان: 2019
مەتریاڵی بەکارهاتوو : قژ
پێوانەی کار:3 بە 3 بە 5سم
جۆری کار :  ئەنستڵەیشن

نیگا سەلام
ناوی کار: دە–
ساڵی بەرهەمهێنان: 2021
مەتریاڵی بەکارهاتوو : بنێشتی کوردی
پێوانەی کار : 40 بە 60 سم
جۆری کار :  ئەنستڵەیشن

Niga Salam
Title: De-
-ing
Year: 2021
Material: printed Kurdish gum
Dimensions: 40 x 60 cm
Installation



منی ژن و بنێشتی کوردی، گۆڕانکاری قۆناغی تێگەیشتنی مەعریفی من و شۆڕبوونەوەی و تێکچوونی لە لایەن ئەوی ترەوە، بریتییە لە دوبارە بوونەوەی گۆڕانکاری من و یاری کردن بە فۆڕم و قەبارەی من لە لایەن ئەوی ترەوە، خۆسەپاندنی من لەسەر فۆرمێکی ناجێگیر و سروشتی وەک پاشماوەی جێ دەستەکانی پێش مێژوو و مامەڵەیەکە لەگەڵ سروشت دا بۆ خۆ سەپاندن بەڵام پێداگیریم لەسەر خۆ پێناسەکردن و خۆ دروست کردنەوە دەشێوێت و خاو دەبێتەوە و ژینگە کاریگەری لێ دەکات وەک ئەوەی ئەکسێل ئۆنێت دەڵێت؛ (بکەر، بۆ بوون بە بەشێک لە تێگەی خود یان ڕۆڵ بینین لە کۆمەڵگادا پێویستی بە دانپێدانان هەیە لە لایەن ئەوی ترەوە).

Me and Kurdish gum, my ever-changing intellectual phase, and the melting and deformity caused by society. Yet again, changes from my side and playing with my size and form by society, my insistency on having an unstable natural form as a remaining prehistoric bargain with nature for self-dominance but insisting on self-definition and self-reconstructing is deformed, melts by the effect of the environment. As Axell Honneth says: “Self, to exist as a self-entity or taking a role in a society that requires to give you acceptance”



چنار علی
ناوی کار: چێژ
ساڵی بەرهەمهێنان: 2021
مەتریاڵی بەکارهاتوو: چۆکلێت
جۆری کار: ڤیدیۆ ئەنستڵەیشن

Chinar Ali
Title: Pleasure
Year: 2021
Material: Chocolate
Video Installation

چێژ و سێکسوالیتێی ژن وەک پرسێکی تابوو لە نەریتی کۆمەڵگە و ئاینییەکاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، وەک پرسێکی شاراوە و نەخوازراو کە باس کردنی دەبێتە هۆی نەک تەنها ڕەتکردنەوەی ئەو ژنەی باسی لێوە دەکات، بەڵکو هۆکارێکە کە لە ڕێگەیەوە بەها و سەنگینی کۆمەڵایەتییەکانی لەدەست دەدات. بەڵام خودی ژن و هەستەوەری و چێژەکانی وەک ئامادەبوویەک کە هەژموونی بەسەر کۆی گشتی جەستەی ژندا هەیە کەپت کردنی هیچ ناگۆرێت لە هەبوویەتی چێژەکە. لەم نێوەندەدا شۆکۆلات وەک بەرهەمێکی پێش مێژوو بەردەوام وەک پاڵنەرێکی زیادکردنی ڕێژەی سێکسوالیتێ دانراوە بە هەمان ئەو شێوەیەی ئێلین شێرمان دەڵێت ؛ شۆکۆلات وێرانکەر و تێکدەرە، خۆشبەختی یە، چێژە، خۆشەویستییە، خۆشایی یە(ئۆرگازمە)، خەیاڵاوی یە..

Women’s sexuality and pleasure is approached as a case of taboo in a society of traditions and religion. As a hidden case that when spoken of, not only does it completely rejects the woman for who she is, but also it is a reason for that same woman to loose all of her social value. But the actuality of womanhood, sensation and pleasures that overpowers the body, remains existent despite the suppression. In this medium, chocolate is used as a prehistoric result of increased sexual sensationsz. And as Ellen Sherman remarks about chocolate: “it is destructive, saboteur, joy, pleasure, love, orgasmic and dreamy…”



De-figurative as a contemporary term that is produced in todays art in different form and becomes a base to create a case for anti-trend, deform, systematics and even institutions. Using this term along a collage form in the today of Kurdistan Region, that has an enormous amount of output pictures through social media and social networks. They condense to become a part of society and effect the individuals without no boundaries. A pressure vents out in an image of violence into the archived memories of each one. Violence and breaking of women becomes the headlines and are been through.

Kizhan
Title: Defiguration
Year produced: 2021
Material: Different Materials
Dimensions: 30 x 30 Panels
collage

کیژان خەسرەو
ناوی کار: دیفیگەرەشن
سالّی بەرهەمهێنان 2021:
مەتریالّی بەکارهاتوو : ماتریالّی جیاواز
پێوانەی کار : پانێڵ 30 بە 30 سم
جۆری کار : کۆلاج

دیَ-فیگوراتیف وەک چەمکێکی هاوچەرخ کە بە فۆڕمی جیاواز دەهێنرێتە بەرهەمهێنان لە کاری هونەری ئیمڕۆیدا و دەبێتە بنچینەیەک بۆ دروستکردنی پرسی دژە باو و شیتەڵ کردنی فۆڕم و سیستەم و تەنانەت دامەزراوەکانیش. بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەگەڵ کۆلاج لە ڕۆژگاری ئێستای هەرێمی کوردستان، کە هەڵڕژانێکی وێنەیی هەیە بە تایبەت لە ڕێگەی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە وێنەکان بڵاودەکرێنەوە و بەشێوەیەکی چڕ دەبنە بەشێک لە کۆمەڵگە و تاکەکانی پێ بارگاوی دەکەن بەبێ سنور، پاڵەپەستۆیەکی وێنەیی توندوتیژ دێتە نێو ئەرشیف و یادەوەری هەر تاکێکەوە. توندوتیژی و تێکشکاندنەکانی ژنان دەبنە سەردێڕی هەواڵەکان و هەڵدەدرێنەوە.

Sound, noise; as an important affait among contemporary art, and it participates in the installation medium in different forms. It begs the question of how can sound possess power and influence, how these colorless sound waves create images? How without any present pictures or visuals it can attract an audience as a listener to the archived memory they have experienced. Sounds connect the audience to their historical environment they grew up in, whether it be social, political or religious. In a way the heard sound to create an image which is the same for everyone? The sound is projected to take the listeners to a more sexualized images different from one to another, as is the high heels with pointy tip has a global sexualized perceiving from man counterpart.

دەنگ، ژاوەژاو؛ وەک پرسێکی گرنگی نێو هونەری هاوچەرخ بە تایبەت لە کاری ئەنستلەیشندا خۆی لە فۆڕمی جیاوازدا دەبینێتەوە و بەشداری دەکات، پرس دەوروژێنێت لەسەر ئەوەی چۆن دەنگ هێز و دەسەڵات وەردەگرێت، چۆن ئەم دەنگە بێ ڕەنگە دەبێتە وێنە؟ چۆن بە بێ هەبوونی هیچ وێنەیەکی بینراو و ئامادە دەتوانێت بینەر بکاتە گوێگر و گرێی بدات بەو ئەرشیڤەی کە لە مێمۆری خۆی دا تۆماری کردووە. دەنگەکە گوێگرەکان گرێدەدات بەو ژینگە مێژووی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی یەی کە هەر یەکێکیان تێدا گەشەیان سەندووە، بە واتایەک ئەو دەنگەی دەیبیستین وێنەیەک بێنێتە بەرچاو کە هەمووان کۆکبین لەسەر ئەوەی بریتییە لە چی ؟ بەشێوەیەک ئەو واتایەی دەیدەینە پاڵ ئەو دەنگە ئاراستەی گوێگرەکان ببات بۆ وێنە و فەنتازمی(وێناکراوی شەهوانی) جیاواز لە یەکتر؛ هەر وەک دەنگی پێڵاوی پاژنە بەرزی نوک تیژی ژنان کە فەنتازمێکی(وێناکراوی شەهوانی) گلۆباڵی دروست کردووە لای ئەوی تری پیاو



Hanna Brzu
Title: Untitled
Year: 2021
Soundbased Art Installation

هانا برزۆ
ناوی کار: بێ ناونیشان
ساڵی بەرهەمهێنان: 2021
جۆری کار : ئەنستلەیشنی دەنگی

# سەرهەڵدانی هونەری فێمینیستی لە کوردستان

## هۆزان مەحمود

نووسین یان قسەکردن سەبارەت بە هونەر بە گشتی و بەتایبەت هونەری فێمینیستی لە کوردستاندا، کارێکی ئاسان نییە. بەو هۆکارەی کە کەمترین لێکۆڵینەوە و ئەرشیف لەم بوارەدا لەبەردەستماندایە. بێگومان مێژووی هونەر و هونەر بە گشتی لە کوردستاندا بوارێکی تازەی لێکۆڵینەوەیە، هەربۆیەش لەم وتارەدا تەنها هەوڵدەدەم تیشک بخەمە سەر ئەو جوڵە تازەیەی کە لە هەناوی هونەری هاوچەرخدا لەدایکبووە،کە دەکرێت وەک سەرهەڵدانی هونەری فێمینیستی لە کوردستان تۆماری بکەین.

لە دوای ڕاپەڕینەوە هونەری هاوچەرخ لە کوردستان پەیدا دەبێت، دواتریش بە شێوەیەکی فراوانتر لە ساڵانی دووهەزار بەدواوە، ڕیزێک لە هونەرمەندی نەوەی نوێ پەیدا بوون، کە ویستویانە دابڕانێک لەگەڵ شێوازی هونەری پێشخۆیان دروستبکەن. (ئەنیتا شواک- 2017). بێگومان دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە تەواوەتی و فاکتەری کرانەوەی کوردستان و هونەرمەندان بە سەر دونیای دەرەوەدا، کارلێک و فۆرم و میدیەمی تازە دێتە نێو بواری هونەرەوە( بڕوانە چاوپێکەوتنەکانی ئاڤان عومەر لە کولتور مەگەزین - 2021). لێرەوە هونەرمەندانی ژن بە بەراورد بە ساڵانی پێش نەوەدەکان، زۆر چالاکانەتر دێنە نێو مەیدانی هونەری هاوچەرخەوە. زۆر بوێرانە دەستدەبەن بۆ کەرەستە و فۆرمی جیاوازتر بۆ کارە هونەرییەکانیان؛ پرسی بوون، خود، ئازادی، توندتیژی جێندەری، شوناس و کارکردن لە بواری هونەردا و ئاستەنگەکانی، هەموو ئەمانە پرسیاری نوێی بۆ ژنانی ناو بواری هونەر و کولتور هێنایە کایەوە.

کاتێک سەیری کارە هونەرییەکانی سەرەتای ساڵانی دووهەزارەکان دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەشێک لە هونەرمەندان بە گشتی دەیانەوێت لە هونەری نیگارکێشی دووربکەونەوە. لێرەوە، میدیەمی وەکو هونەری؛ نمایش پێرفۆرمانس، ڤیدیۆ ئارت، فۆتۆگرافی، کارکردن بە ئۆبجێکت و کەرەستەی جیاواز، هەروەها بەشدارییپێکردنی خەڵک لەگەڵ کارەکانیان و چوونە ناو بواری گشتی بۆ نمایشی کارەکانیان، دەستپێدەکات. لەناو کاری هەندێک لە هونەرمەندانی هاوچەرخ ژمارەیەکی باش لە ژنان دەبینین، کە هەندێکیان کەرەستە و میدیەمی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە کە گوزارش بێت لە کێشەکانی ژن و خۆپێناسەکردنەوە لەدەرەوەی بەها کۆنەکان و پرسیار دروستکردن لەسەریان لە ڕێگەی هونەرەوە. (بڕوانە چاوپێکەوتنەکانی ئاڤان عومەر لە کولتور مەگەزین-2021).

سەرەتای ئاشنابوونی من بە کارە هونەریەکانی بەشێک لە هونەرمەندانی ژن لەڕێگەی کارەکانی ڕۆژگار مستەفا، پۆشیا کاکل، ڕێزان بەتولە ساکار سلێمان، (بڕوانە فیۆنا کراوچ 2020-2021) و (سارا میلس 2018) ئاڤان عومەر * و کانی کامیل **بووە. بە بینینی کارەکانیان هەستمدەکرد جیاوازتر و نوێگەرانەتر داهێنانیان کردووە لە کاری هونەرییدا. بەشێک لەو پرسانەی لە کارەکانیاندا ڕەنگیدابۆوە پرسی وەکو؛ شوناس، جەستە ، ترس لە فەزای گشتیدا و غیابی ژن لە مەیدانەکانی خۆپیشاندانداا، ڕەخنە لە شێوازی خوێندنی هونەر و کارکردن بە میدیەمی تایبەت بە ژن هەروەها کوشتنی ژنان و زۆر پرسی تری تایبەت بە ڕەگەزی مێ بوو.

لەم ماوەیەی پێشوودا لەلایەن مامۆستا (ڕێزان بەتولە) و مامۆستا (هەڵگورد ئەحمەد) داوام لێکرا بەشداری بکەم لە کۆبوونەوە ئۆنلاینەکانی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی نەوەی نوێ، کە بڕیارە پێکەوە پێشانگایەک بکەنەوە بۆ نمایشی کۆمەڵێک کاری جیاواز، کە زۆرتر گرنگیدانە بە ژن و پرسی جەستەی مێیینە، منیش بەخۆشحاڵیەوە ڕازی بووم. ناسینی من بۆ مامۆستا ڕێزان بەتولە دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێک لەوەبەر کە لە زانکۆی سلێمانی مامۆستای هونەر

و جێندەر بوو، هەروەها ئەو کات بەهۆی چەند نوسینێکم سەبارەت هونەر و فێمینیزم بەیەک ئاشنا بووین و دواتریش سیمینارێکمان لەگەڵ ``ڕێبین مەجید و ڕێزان خان خۆی و ئیسماعیل حەمەئەمین و من`` ڕێکخست بۆ قسەکردن لەسەر (فێمینیزم و هونەر) و دواتریش لەگەڵ مامۆستا( نەبەز سەمەد) لە کۆلێژی هونەر لە زانکۆی سلێمانی، وەکو پڕۆژەی کولتور دوو سیمیناری ترمان سازدا سەبارەت بە (جێندەر و بەرهەم هێنانی کولتور) و (فێمینیزم و سینەما) ئەو کات بەردەوام گەنجانێک لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵمان بۆ ناساندنی سەرچاوە و وتاری هزری و فێمینیستی پێیان. جدیەتی ئەم هونەرمەندە گەنجانە خۆشحالی دەکردم. یەکێک لەکێشەکان ئەوەبوو کە سەرچاوە و کتێبی تایبەت بەم بوارانە زۆر کەمە بە زمانی کوردی. ئەمەش وادەکات کە هونەرمەندان بە گشتی و ژن بە تایبەت هەندێک جار کارەکانیان کە مانا و فۆرمێکی فێمینیستی وەردەگرێت، پێیان وانەبێت ئەمە هونەرێکی فێمینیستیە. بێگومان ئەمە لە گرنگی کارەکانیان کەمناکاتەوە. بەدیوێکی تردا، من ئەمە وەک بەریەکەوتنێکی خۆڕسکانەی ئەم هونەرمەندانە دەبینم لەگەڵ ژنبوونی خۆیان لە کۆمەڵگەیەکدا کە بارگاویە بە توندوتیژی و کۆنەپارێزی و بوارەکانی دەرکەوتنی مێینە، هاوتەریبە بە کۆسپ و ڕێگری زۆر. باسکردن لە زۆر پرسی گرنگ کە وەکیتر تابۆن، هەروەها کارکردن بە میدیەمی جیاواز بۆ نمایشکردنی ئەزموونی ژنانەی خۆیان، گەر هونەری فێمینیستی نەبێت چیترە؟

**هونەری فێمینیستی چیە و بۆچی هاتۆتەبوون**

هونەری فێمینیستی لە بنەڕەتدا کە لە ئەمریکا و بەریتانیا دەستیپێکرد و دواتر وڵاتانی تریشی گرتەوە، لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژناندا هاتە بوون. بە گشتی، شەپۆلی دووهەمی فێمینیستی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیست بە دواوە، هێزێکی هزری و تیۆریزەکردنی هەمەلایەنی بەگەڕخست. لەژێر کاریگەری هزریی ئەو شەپۆلەدا، هونەر و کایە کولتوریەکانیش کەسانی لێهاتوو و بەرەنگاری فێمینیستی تیادا لەدایکبوو کە پرسیاری گرنگی وجودیان وروژاند سەبارەت بە؛ جەستە،سێکسوالیتی، بوون، ماف و ئازادی و فەزای گشتی و کایەی تایبەتی ناوماڵ و زۆر بواری تر... بەڵام بە بڕوای من ژنانی هونەرمەند لە کوردستان خۆرسکانە لە بواری هونەر و کولتوردا کار و کردەی فێمینیستیان بەرهەمهێناوە.

لەو باوەڕەدام ژنانی هونەرمەند بەهۆی ژنبوونیانەوە و لە ژێر فشاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و جەنگ و نائارامیدا بەر ناعەدالەتیەکان کەوتوون و لە هونەردا گوزارشی لێدەکەن. بەهەمان شێوەش، ئەگەر سەیری زانکۆکان و دامودەزگا هونەری و کولتوری و گەلێریەکان بکەین لەکوردستاندا، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین بڵێین؛ کە ئەو کایانە بە شێوەیەکی گشتی کایەی پیاوانن، ژنان کەمترین ڕۆڵ و پێگەیان لەو دامودەزگایانەدا هەیە. هەموو ئەم کۆسپانە کاریگەریان لەسەر ژنانی کایەی هونەر هەبووە، وەک کاردانەوەیەک بەرهەمهێنانی هونەریان پەرژاوەتە سەر کۆمەڵێک پرسی جێندەری گرنگ. لە خۆرئاواشدا لە شەست و حەفتاکاندا ژنانی هونەرمەند، لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی بواری مێژووی هونەر و فێمینیستەکان بە فراوانی کەوتنە کاکردن بۆ گێڕانەوەی ژن بۆناو مێژووی هونەر، هەروەها پرسیار خستنەسەر جەستە و وێنای ژن لە تابلۆی هونەرمەندە 'مەزنەکان'دا کە مێژووی هونەری مودێرن و مۆزەخانە و دامودەزگاکانی تایبەت کرابوون بە پیاو.

یەکێک لە کێشەکانی ئێرای مۆدێرن ( مەبەست لە جوڵەی هونەرە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتای سەدەی بیست) ئەوەبوو، کە بە شێوەیەکی سیستیماتک ژنانیان هەڵدابووە دەرەوەی دامودەزگاکانەوە. لێرەوە لێکۆڵەرانی هونەری فێمینیستی وای بۆ دەچن کە ئەو ئێرایە، کە سەردەمی هاتنەبوونی مۆدێرنیزمە گرێدراوە بەوەی کە هونەرمەند-پیاوە (نێرینەیە). هەربۆیەش (گریسیلدا پۆڵۆک) کە پرۆفیسۆرە لە بواری مێژووی هونەردا، لەو باوەڕەدایە؛ کە 'داهێنان-بەهرەداری' کە

شارەگی هونەری کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستە لە بنەڕەتدا لەسەر کۆنسێپتی ‘پیاوی داهێنەر’ دروستبووە (پۆلۆک 1984 ، ل4) بە واتایەکی تر، پیاو کراوەتە سێنتەری هونەر و داهێنان و مەزنیی لە هونەردا، هەر ئەویش بە نۆرم و کاتیگۆری باڵا و بەهەند وەرگیراوە لەوکایەیەدا.

لە ساڵی 1971 فێمینیست و پرۆفیسۆر(لیندا نۆکلین) شارەزای مێژووی هونەر، دەپرسێت؛ بۆچی ژنانی هونەرمەندی مەزن بوونیان نییە؟ لێرەوە نۆکلین پرسی جیدی دەخاتە سەر ئەوەی کە بواری مێژووی هونەر، ڕوانگەی پیاوی سپی بەبێ هۆشیاری قبوڵکردووە وەکو ڕوانگەی سەرەکی لە مێژووی هونەردا. هەروەها باس لەوەدەکات کە بەوهۆیەوە کە پیاو وەکو هونەرمەندی 'مەزن و گەورە و ماستەر' لەقەڵەمدراون، ئەوا داهێنان و بوونی ژن لە هونەردا بەهەند وەرنەگیراوە. ئەمەش لەوەوە نییە کە ژنانی هونەرمەندی گرنگ و گەورە بوونی نەبووە، بەڵکو لەبەرئەوەی ژنان وەکو ئۆبجێکتێک لە تابلۆکاندا بەکارهێنراون، نەک وەکو نیگارکێش مامەڵەکرابن. لێرەوە هاتنە ناوەوەی ژن بۆ ناوکایەی هونەری شێوەکاری مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام پەراوێزخراون و بەهەند وەرنەگیراون، هەربۆیە تا ئەم ساتەش هەندێک لە هونەرمەندانی ژن خۆیان لەوە لادەدەن کە کارەکانیان بچێتە خانەی فێمینیستی یان تەنانەت گوزارش بێت لە دۆز و پرسی ژنبوون. یەکێک لە هۆکارەکان دەکرێت ئەوەبێت،کە هێشتا ترسێک هەیە لەوەی کارەکانیان بەهەند وەرنەگیرێت لەوکایەیەی کە پیاو تیایدا باڵادەستە. یان دەیانەوێت کارەکانیان فۆکۆسی زیاتر وەرگرێت لەسەر هەژماری حاشاکردن لەوەی کە ئەوان ژنی هونەرمەند بن، بەڵکو تەنها “هونەرمەندن” و کاری هونەری دەکەن، یان جەخت لەوە دەکەنەوە کە؛ کارەکانیان فێمینیستی نییە. هۆکاری هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆی کایەکانی بەرهەمهێنانی کولتور و هزر و ئەدەب پیاوانەن و بۆ ئەوەی ژنان لەوێدا بەهەند وەرگیرێن و جێیان بێتەوە، دەبێت دووربکەونەوە لەوەی هەڵوێست و کردەی فێمینیستیان هەبێت، پەنا بۆ بەهانەی وەکو (هونەری من بۆ هەموو مرۆڤەکانە)، یان ( نوسین و شیعری من بۆ هەموو خەڵکە)، یان (هونەر و ئەدەب ژنانە و پیاوانەی نییە) هتد.

هەرچەندە گرنگە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە کار و کردە و هزری فێمینیستی، بەهۆی بەرفراوانی ئایدیاکان و سەرچاوە فیکری و ئایدیۆلۆژیەکانیەوە فرە ڕەهەند و دەوڵەمەندە. هەروەک (لوسی لیپپارد-1976) هونەرمەند و ڕەخنەگری هونەری و سەر بە جوڵەی فێمینیستی ئەمریکی دەڵێت`` کە هونەری فێمینیستی نە ستایلە، نە جوڵە، بەڵکو سیستمێکە لە بەها. هەروەها ستراتیژێکی شۆڕشگێڕانەیە و شێوازێکی ژیانیشە``. ئیدی هونەرمەندە فێمینیستەکان پرسی هایراکی و ئێلیتیزمی هونەریان هێنایە ژێر پرسیارەوە، لەمەوە ژنان توانیویانە زۆر سەرکەوتوانە سوود لە میدیەم و فۆرم و ستایڵ و کەرەستەی جیاواز وەرگرن و بیکەنە بوارێک بۆ بەسێنتەرکردنی خۆیان وەکو هونەرمەند و لەهەمانکاتیشدا تیشک بخەنە سەر ئەو پرسانەی پەیوەندی بە دۆزی ژنەوە هەیە.

ئەو هونەرمەندەی کارەکانی دەچێتە خانەی هونەری فێمینیستیەوە بە هۆی پەیام و ماناکانیەوە کە بەرهەمی دەهێنێت، مانای ئەوە نییە ئیدی کاری هونەری تر لەدەرەوەی هونەری فێمینیستی بەرهەمنەهێنێت. زۆرن ئەو ژنە هونەرمەندانەی کە سەرەڕای ئەوەی کارەکانیان مانا و پەیامی گرنگی فێمینیستیان هەیە بەڵام خۆیان وەکو کەسێکی فێمینیست ناوزەد ناکەن، بۆ نموونە؛ هونەرمەندانی گرنگی وەک (لویس بۆرژوا) و (ئێڤا هێسە) بەشێکی زۆری کارەکانیان دەچێتە خانەی هونەری فێمینیستیەوە. گرنگە ئەوەش بڵێین کە هونەری فێمینیستی بێگومان بە پێی کات و شوێن و گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە کۆنتێکستی کوردستاندا و بەهۆی ناسەقامگیری و جەنگی بەردەوام و نائارامیەوە، هونەر و زۆرێک لە بوارەکانی تر ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرنەگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام هونەرمەندانی ئەم ناوچەیە کاری گرنگ و ناوازە بەرهەمدەهێنن.

لێرەوە گرنگە وا لە هونەر بڕوانین کە ``کردەیەکی ڕۆژانەیە، لە پێش جەنگ و لە کاتی جەنگ و دوای جەنگیشدا بوونی هەیە، هەربۆیەش پەیوەندی هەیە بە دۆخی جیۆپۆلیتک و کولتور و ئەو کۆنتێکست و ڕووبەرەشەوە کە ئامادەیە بۆ هونەر و جۆری هونەریشەوە`` ( مانی 2011). لێرەوە، ئەو هونەرەی لە کۆنتێکستی کوردستاندا بەرهەمدەهێنرێت هەڵقوڵاوی ئەزموونی کەسی و دەستەجەمعی ئەو کۆمەڵگەیەیە. پرسی گەنجان و خەونەکانیان و ماف و ئازادیە تاکە کەسی و جەستەیی و سێکسوالیەکانیان، هەروەها هێرشی نیولیبڕالیزم و بەها نوێیەکانی بەرخۆری، نەشتەرگەری جوانکاری، جوانی و بەکاڵابوونی مێینە، ڕووبەرێکی تازەی داگیرکردووە لە بەرهەمهێنانی هونەری هاوچەرخدا. بۆ نموونە؛ لەم دواییانەدا بەهۆی دانانی قوتابخانەیەکی فێمینیستیەوە بە شێوەی ئۆنلاین، کە من وانەکانی دەڵێمەوە سەبارەت بە مێژوو و خەبات و هزری فێمینیستی و شەپۆل و قوتابخانە هزریەکانی فێمینیزم بۆ کۆمەڵێک ژنی کورد، لەوێدا، بەکاری هونەرمەندە گەنجەکان زیاتر ئاشنا بووم. بۆ نموونە؛ کارەکانی هونەرمەند( لۆنا دەروێش) کە هەڵدانەوەی مێژووی بەرەنگاری ژنی کوردە لە دژی دەستدرێژی سێکسی، کە لە شێوەی ڕۆمانی کۆمیکدایە. لۆنا، چیرۆکی (فاتێ) دەگێڕێتەوە کە نزیکەی سەدەیەک لەوەبەر لە دژی دەستدرێژی دەجەنگێت و سەرکەوتوو دەبێت. بەهەمان شێوەش، بە کارێکی تازەی هونەرمەند (ڕۆز محەمەد) ئاشنا بووم، کە بەهەمان شێوە لەڕێگەی کۆمیک نۆڤڵەوە، بەریەکەوتنی خۆی لەگەڵ پرسی شوناش، کوردبوون، ئێراقیبوون، مێژووی ناوچەکە و ژنبووندا دەگێڕێتەوە. ئەمەم زۆر لا گرنگ بوو ،کە کچانی کورد چۆن کۆمیک بەکاردەهێنن وەکو فۆرمێکی تازەی دەربڕین و گێڕانەوە. کارێکی تری گرنگ کە ماوەیەک لەوەپیش کۆمەڵگەی کوردستانی سەرقاڵی گفتوگۆکرد، کارێکی ئینستەلەیشن بوو، پێکهاتبوو لە جلی ژنانە بەدرێژایی چەندین کیلۆمەتر بەنێو شاری سلێمانیدا نمایشکرابوو. ئەمە کاری ( تارا عەبدوڵا) بوو، کە توانی دیبەیتێکی گەورە لەناو کۆمەڵگەی کوریدا بەرپابکات. ئەمانەی سەرەوە تەنها چەند نموونەیەکی کەمی دەیان کاری گرنگ و سەنگینی ژنانی کوردە کە دەکرێت وەکو هونەری فێمینیستی پۆلێنیان بکەین. شایەنی باسە ئاماژە بە هەندێک کاری هونەرمەندانی پیاویش بدەین کە مانا و ئاڕاستەیەکی فێمینیستیان وەرگرتووە، لەوانە کارێکی ڤیدیۆیی هونەرمەند (شێرکۆ عەباس) کە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کەرەڤانێکی جلوبەرگی ژنانی زیندانیی ناو ئەمنە سوورەکەی زەمەنی بەعسە. لێرەدا، شێرکۆ عەباس مێژووی ئەرشیفکردن دەهێنێتە ژێرپرسیار و پێیوایە؛ مێژووی ژنانی زیندانی سیاسی بەناتەواوی ئەرشیفکراوە (هۆزان مەحمود-2020).. بەهەمان شێوە، کارێکی پێرفۆرمانسی (دیاکۆ خاتوون) سەبارەت بە پاکیزەیی کە لە ساڵی 2019دا ئەنجامیداوە، دەکرێت لە چوارچێوەی هونەری فێمینیستیدا پۆلێن بکرێت. (بڕوانە دیاکۆ خاتوون، 2019 لە پرۆژەی کولتور)

هونەرمەندانی کورد، وەک کەسانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بەردەوام لەبەردەم نائارامی و ناجێگیریدان. کوردستان وەکو ناوچەیەک مامەڵەدەکرێت کە زۆنی جێنۆسایدە (شەهرزاد موجاب-2003) لەهەمانکاتیشدا زۆنی فێمیسایدە، بەو واتایەی کە ژنان بەهۆی ژن بوونیانەوە، بەرەوڕووی کوشتار و توندوتیژی دەبنەوە. تازەترینی ئەو جێنۆسایدانە، کوشتاری ئێزیدیەکان و داگیرکارییانە لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە. بەدیوێکی تردا، زەمەن و شوێن بۆ ئێمە لەم ساتەدا، بۆ بەمێژووکردنی ئەم پێشانگایە گرنگە، چونکە لە کاتێکدا هاتۆتە بوون کە کوردستان تا ئەم ساتەش لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی – داعشی و دەرهاویشتەکانی مامەڵە دەکات. هەڵکشانی کۆنەپارێزی و توندوتیژی بەرامبەر ژنان و زۆربوونی خۆسوتاندن و خۆکوشتن و کوشتار بەگشتی کاریگەری خۆی لە سەر کۆی کۆمەڵگەی کوردی داناوە.

بە پێی لێکۆڵینەوە فێمینیستیەکان توندوتیژی بە تەنها لە گەرمەی شەڕەکاندا دەستپێناکات، و لەگەڵ ئاگربەستیش کۆتایی نایەت، بەڵکو توندوتیژی دەمێنێتەوە و فۆرم و شێوازەکانی دەگۆڕێت ( سینتیا کۆکبێرن- 2004). لێرەوە گرنگە ئەو ڕاستیە بزانین، کە ژنان هونەرمەندی کورد لە هەناوی ناوچەیەکی ئەکتیڤ بە جەنگ

و ناكۆكی و نائارامی و هەروەها بارگاوی بە توندوتیژی جێندەری، سیاسی و كۆمەڵایەتی، ئامادەییەكی گرنگ و بەرچاویان هەیە. ئەمە لە خۆیدا وەستانەوە  و بەرەنگارییە بەرامبەر ئەو دۆخە سەپاوە. دەكرێت بڵێین؛ لە دوای نەوەدەكانەوە ژنانی هونەرمەندی كورد داینەمۆی داهێنان و بوێرین لە بواری هونەری هاوچەرخدا. بەشێكی زۆر لە كارەكانی زۆرێک لە ژنە هونەرمەندەكان و تەنانەت هەندێک لە پیاوەكانیش تەرخان بوو بۆ پرسیار خستنە سەر دۆزی نالەباری ژنان. بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئاستەنگیە ئەكادیمی و كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان و نەبوونی بواری گونجاو بۆ گەشەكردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەواهی سەرهەڵدانی جوڵەیەكی هونەری فێمینیستی گرنگین كە دەتوانێت كاریگەری خۆی لەسەر كایەكانی تری هونەر و كولتور و هزریش دانێت.

بگەڕێینەوە سەر كاری هونەرمەندەكانی بەشداربووی پێشانگەكە، كە بێگومان ئەم كارانەی كۆمەڵێک كچی كوردی هونەرمەند لەڕووی سیاسی و كۆمەڵایەتیەوە لە كاتێكی دژواردا هاتۆتە بوون. زەمەنێک كە پەتای كۆرۆنا و دەرهاویشتەكانی ژیانی كۆی دانیشتوانی گۆی زەوی بە شێوەی جیاواز داگیركردووە، جگە لە كێشە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی تریش.  هەربۆیەش ئێمە ناچارین ئەو (كۆنتێكستە كوردیە) لەبەرچاو بگرین كە ئەم كارە هونەرییانەی تێدا لەدایكدەبێت. لە ناوچەیەک، كە سەرتاپای لە جەنگی نەبڕاوە و داگیركاری و جێنۆساید و كوشتار و سەركوتدا بردۆتە سەر. هەموو ئەمانە، لە هەست و نەستی ئەم نەوەیەدا برینداری و پرسیارگەلێكی زۆر و بێ وەڵامی بەجیهێشتووە. نموونەی كۆچی گەنجان، بێهودەیی و نیهلیزم و بێزاری لە نیشتیمان و بێ ئینتیمایی و بێ متمانەیی و نەبوونی هیوا بە ئایندەی كوردستان، باس و خواسی ڕۆژانەی مرۆڤی ئەم دەڤەرەیە. هەربۆیەش، ئایدیای تازە و كێشەساز كردنی ئەم (بوونە كوردیە) لەناو ئەم فەزا ئاڵۆزەدا لە كار و دونیابینی ئەم گەنجانەدا كاریگەری دادەنێت.

ئەم پێشانگایە ناوی (ژێرزەمینە) لەلایەن (نیگا سەلام) وەک ڕێكخەری هونەریی (ڕێزان بەتولە) وەكو ڕاوێژكاری هونەریی و ڕێنوسكردن، (هەڵگورد ئەحمەد) بەڕێوەبەری پرۆژە و (بژوێن جەمال) وەک دیزاینەر و وەرگێڕ سازدەدرێت. هەروەها هونەرمەندە بەشداربووەكان بریتین لە؛  گەش كەمال، نیگا سەلام، ڕێزان بەتولە، هانا برزۆ، ڕەیان یوسف، لەرین ئارام، لاڤان ابراهیم، چنار علی، و  كیژان خەسرەو. لێرەدا شاهیدی كاری كۆمەڵێک هونەرمەندین كە زۆرتر گرنگیان داوە بە پرسی جەستەی ژن؛ بۆ نموونە نەشتەرگەری جوانكاری، ڕوانینی پیاوانە و پێناسەی پیاو بۆ جوانی و جەستەی ژن، ڕۆڵە هەڵواسراوەكان بە پێناسەكردن و خاوەندارێتی جەستەی ژنەوە لەگەڵ پرسی بوونیان لە فەزای گشتی و زۆر پرسی گرنگی تردا. دەكرێت ئەم كارانە وەكو وردبوونەوە لە خودی چەمكی ( ژن - بوون، جوانی، جەستە، ئامادەیی لە فەزای گشتی و ڕوانینی پیاو بۆ جەستەی ژن)  و دووركەوتنەوەیەک بێت لە هەموو ڕۆڵ و نۆرمە باوەكانی كۆمەڵگە.  هەروەها تووڕەبوونێک بێت لە هەموو پیرۆزییەكان و تابۆكان. هەڵگەڕانەوە و پرسیار دروستكردن بێت لەهەناوی هونەرەوە بۆ بەردەم جەماوەر و بەشداری پێكردنیان بێت لەم كارە پێرفۆرمانس و ڤیدیۆیی و وێنەییانەدا، كە شێواز و فۆرمێكی تازەی پێشانگایەكی كۆلێكتیڤی ژنانەی كوردە. دەكرێت لێرەوە كاری گرووپی و پەیامی بەهێزی فێمینیستانە لە ڕێگەی دەربڕینی هونەرییەوە ببێتە باو و توانای شڵەقاندنی وێنە چەسپاوەكانی هەبێت كەلەسەر ژن بەرهەم هاتوون.

لە كۆتاییدا دەڵێم؛ كە هونەر چیرۆكی تۆیە وەک مێینە، ڕووبەری تۆیە بۆ یاخیبوون و خۆدۆزینەوە و سەرلەنوێ پێناسەكردنەوە و پێداگری خۆت لە بوونت لەنێو ئەم دونیایەدا.  لێرەوە، هیوای سەركەوتن بۆ هەموو بەشداربوان و هەموو خانمە بوێر و ڕێچكەشكێن و داهێنەرەكانی بواری هونەر دەخوازم. گرنگە ئەوە بزانێ كە ئەوان  لەگەڵ هونەرمەندانی تریش كە لەسەرەوە باسمكردن، بەشێكن لە دروستكردنی مێژوویەكی جیاواز و تازە بۆ كایەی هونەر و كولتور، كە نەک تەنها بە ڕوانگە و دەنگ و دونیابینی پیاوەوە تۆماربكرێت، بەڵكو دەنگ و ڕەنگ و جێگەدەستی ژنی كوردیشی بەسەرەوە بێت.

- Crouch, Fiona a review; Rozhgar Mustafa – A Journey Of Discovery: Finding Freedom And Art Through Public Performance-2021 http://cultureproject.org.uk/2021/06/12/rozhgar-mustafa-a-journey-of-discovery-finding-freedom-and-art-through-public-performance/ Accesed 15 June 2021

- Crouch, Fiona art review, The Meaning of Art: Rezan Betoula's Identity And Self-Liberation- 2020 http://cultureproject.org.uk/2020/11/15/the-meaning-of-art-rezan-betoulas-identity-and-self-liberation/ Accessed 12 June 2021

- ** Kamil, Kani Art work, personal website http://kanikamil.com/artworks/ Accessed 14 June 2021

- Mills, Sarah, A review of Poshya Kakil's art work, The Shadow of ISIS- 2018; https://cultureproject.org.uk/2018/03/06/the-shadow-of-isis/

- Nochlin, Linda, 1971 [1988]. "Why Have There Been No Great Women Artists?" in L. Nochlin, *Women, Art, and Power and Other Essays*, New York: Harper and Row; original publication in *ARTnews*, January, 1971.

- * Omar, Avan's works-personal website; http://avanomar.com/ Accessed 10 June 2021

-Cockburn, Cynthia. 2004. "The Continuum of Violence: A Gendered Perspective on War and Peace." In Sites of Violence: Gender and Conflict Zones, edited by Giles, Wenona and Hyndmann, Jennifer, 24–45. Berkeley: University of California Press.

-Crouch, Fiona Review of Sakar Suleman's work, The Power of Perspective-2021; http://cultureproject.org.uk/2021/03/29/the-power-of-perspective accessed 15 June 2021

-Honour Is Membrane, performance by Diyako Khatun 2019; http://cultureproject.org.uk/2019/01/21/honour-is-membrane/ Accessed 15 June 2021

-Lucy R. Lippard 1976, Projecting a Feminist Criticism-Art Journal Vol. 35, No. 4 https://www.jstor.org/stable/776224?readnow=1&refreqid=excelsior%3Aca17572ee288a428e620f3a4176b57ef&seq=1#page_scan_tab_contents Accessed 15 June 2021

-Mahmoud, Houzan, Paper Pupet Testemoney 2020: http://sherkoabbas.com/?p=1238 accessed 10 June 2021

-Mani, Rama. 2011. "Creation amidst Destruction: Southern Aesthetics and R2P." In Responsibility to Protect: Cultural Perspectives in the Global South, edited by Thomas George Weiss and Rama Mani, 96–129. London: Routledge.

-Mojab, S. Kurdish Women in the Zone of Genocide and Gendercide. *Al-Raida Journal*, 20-25. https://doi.org/10.32380/alrj.v0i0.396 Accessed 15 June 2021

-Omar, Avan's Interviews-Culture Magazine 2021; http://cultureproject.org.uk/kurdish/author/avan-omer/ accessed 15 June 2021

-Rozsika Parker and Griselda Pollock (1987). Framing Feminism: Art and the Women's Movement 1970-85. New York: Pandora Press.

-Szylak, Aneta, In-Between Worlds: the Kurdish Artists on the Imago Mundi Map- 2017 http://www.imagomundiart.com/collections/kurdistan-between-worlds Accessed 12 June 2021

# ZHERZEMiN

2021

# Zherzemin Art Project

Curator: Niga Salam
Project Manager: Halgurd Baram
Editor and Advisor: Rezan Batula
Design and Translation: Bzhwen Jamal
Analytical Writer: Houzan Mahmoud

23rd to 30th of June
Excluding Friday and Saturday

National Museum of Amnasuraka

2021